# پاڵنەر و لێکەوتەکانی جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

**موەفەق عادل عومەر،** دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

تورکیا لە هەشتاکانەوە ڕووبەڕووی چەکدارانی پەکەکە (پارتی کریکارانی کوردستان) بۆتەوە، چەندان ساڵە بوودجەی زەبەلاح بۆ بابەتی تیرۆر و نەهێشتنی پەکەکە دابین کراوە و تا ئێستایش بەتەواوەتی نەتوانراوە "کۆتایی بەم مەترسییە بهێنرێت"؛ بۆیە ناوە بە ناوە هەواڵەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناوەوە و دەرەوەی سنووری تورکیا لەلایەن سوپای تورکیاوە دەبینین. بێ گومان هەر جووڵەیەکی سەربازیی تورکی لەسەر خاکی وڵاتانی دراوسێی تورکیا، چەندان کێشە و گرفتی بەدوای خۆیدا هێناوەتەوە؛ گرنگترینیان بەزاندنی سەروەریی ئەم وڵاتانەیە؛ جگە لەمە سوپای تورکیا ژمارەیەکی زۆری بنکەی سەربازیی لەسەر خاکی هەر یەك لە عێراق و سووریا جێگیر کردووە. لەم چوارچێوەیەدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جموجۆڵێکی فراوان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق (هەرێمی کوردستان) دەستی پێ کردووە و کاردانەوە و مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنایەوە. لەم بابەتە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی هۆکار و لێکەوتەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییانە بخەینە ڕوو کە بەردەوام لەلایەن سوپای تورکیاوە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

**بۆچی لەم کاتەدا تورکیا جموجۆڵە سەربازییەکان و ژمارەی هێزەکانی لە سنووری عێراق و لە قووڵاییی هەرێمی کوردستان زیاد کردووە؟**

سەرەتا با ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەنقەرە لە هەر دەرفەتێکدا کاری بۆ ئەوە کردووە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی "پەکەکە" و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق، زەق بکات و بیخاتە ڕوو و پەیامی ئەوە بنێرێ کە بەڕاستی تورکیا بەهۆی چالاکی و جموجۆڵەکانی چەکدارانی "پەکەکە" ناڕازی و نیگەرانە. بۆیە ئەگەر شرۆڤەیەکی گشتی بۆ سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" بۆ عێراق بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بابەتی سەرەکیی دانوستانەکان ڕەهەندەکانی ئاسایش بووە. تورکیا، بەتایبەت لەسەردەمی ئاك پارتی (حزبی داد و گەشەپێدان) هەوڵی داوە لە چوارچێوەی سێ بابەتدا کێشەی چەکدارانی "پەکەکە" چارەسەر بکات: یەکەمیان، لایەنی سیاسییە. زۆر جار دەبیستین کە بەرپرسە باڵاکانی تورکیا لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سیاسییەوە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن سنوورێك بۆ چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکە دابنێن بەڵام گرفتە هەرە گەورەکە لەوەدایە کە عێراق تا ئیستا نەیتوانیوە وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ بڕیاری خۆی لەم بارەوە بدات. سەرەڕای سستیی دانوستاندن و هەوڵە سیاسییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام ئەنقەرە هیچ کاتێك نەیویستووە دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دابخات. دووەمیان لایەنی ئابووری و ئاوە. ئەنقەرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

کارتی ئاو و ئابووریی بەرامبەر بە عێراق بەکار هێناوە بە مەبەستی گوشارخستنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی لانی کەم چاوپۆشی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا بکات بۆ گۆشەگیرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بابەتی سێیەمیش بریتییە لە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوپای تورکیا دخزێتە قووڵاییی زیاتر لە خاکی عێراق.

تورکیا ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ڕووبەڕووی گرفت و کێشەی سیاسی و ئابووری و دارایی زۆر بۆتەوە بەهۆی ئەو سیاسەت و ستراتیژییەی کە تا ئێستا ئاک پارتی و ئەردۆغان پەیڕەویان کردووە، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و داراییەوە تورکیا گەیشتۆتە لێواری داڕمانی ئابووری. جگە لەمە، بوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری بیانی لەم وڵاتەدا، بەتایبەت پەنابەرە سوورییەکان، ناڕەزایەتییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە؛ تەنانەت بۆ یەکەم جار لە چەند شارێکی تورکیا دەست کراوە بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە دژی پەنابەرە بیانییەکان. هەروەها لە ڕووی سیاسییەوە سەرەڕای ئەوەی سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغان، چەندان جار جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیا ئەنجام نادرێت، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا، ئاک پارتیی دەسەڵاتداری، کردووە بە حزبی دووەم و "جەهەپە"یش بۆتە حزبی یەکەم.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو وەکوو هۆکارەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییەی کە تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە:

**یەکەم:** ئەردۆغان بۆ سەرقاڵکردنی ڕای گشتی لە تورکیا، هەوڵ دەدات ژینگەیەکی وا دروست بکات، تیایدا وا وێنا بکرێت کە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە؛ وا دەردەخات یەکێك لەم مەترسییانەیش مەترسیی تیرۆرە و بانگەشەی ئەوە دەکرێت ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. سەرچاوەی ئەم مەترسییەیش چەکدارانی "پەکەکە" و هێزە نزیکەکانیەتی لە عێراق و سووریا. بۆیە گۆڕینی بابەتی ڕۆژەڤی تورکیا بەم بابەتەوە کەمێکیش بێت، سەرنجەکان بۆ سەر قەیران و کێشە سەرەکییەکانی دیکەی ناوخۆی تورکیا ـ تا ڕاددەیەکیش بێت ـ کەمتر دەکات.

با ئەوە لەبیر نەکەین ئەردۆغان لە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی 2015 کە تیایدا ئاك پارتی نەیتوانی ئەو زۆرینەیە بەدەست بهێنێت، لە ڕێگەیەوە بتوانێ بەتەنیا کابینەی حکوومی پێك بهێنێت، ڕاستەوخۆ دەستی بە هەڵمەتێکی فراوانی کرد لە دژی چەکدارانی "پەکەکە" و بە شێوەیەکی فەرمییش کۆتاییی بە پرۆسەی ئاشتی هێنا لە تورکیا و، کەشوهەوایەکی ئاوای دروست کرد چەکدارانی "پەکەکە" مەترسین و دەبێت حکوومەتێکی سەقامگیر هەبێت تا بتوانێ ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە ببێتەوە. ئەم هەوڵەی ئەردۆغان بۆ ئەو کاتە سەری گرت و توانیی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2015 سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بتوانێ بەتەنیا کابینەی حکوومی پێك بهێنێت.

بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ئەم جارەیش ئەردۆغان هەوڵ دەدات هەمان سیناریۆی دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ساڵی 2015 دووبارە بکاتەوە، بەڵام لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: **ئایا لە کەشوهەوای ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیی ئێستا، ئەردۆغان لە جێبەجێکردنی ئەم پلان و ستراتیژییەی، سەرکەوتوو دەبێت؟**

**دووەم:** سەرەڕای ئەوەی ئاك پارتی لەسەرەتای گەیشتنی بە دەسەڵات تا دوای ساڵی 2015یش هیچ کاتێك هەوڵ و ستراتیژییەتێکی ڕوون و ئاشکرای نەبووە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، تەنانەت هەوڵەکانی ئاك پارتی بۆ پرۆسەی ئاشتی، تەنیا بۆ ئەوە بووە دەنگی دەنگدەری کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکات و تا ڕاددەیەکیش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو توانیی ببێتە تاکە حزبی سیاسی و بتوانێ لەسەرانسەری تورکیا دەنگ بهێنێت. بۆیە ئاك پارتییش (ئەردۆغان) پلان و ستراتیژییەتێکی ڕاستەقینە و ڕوونی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا. لەبەر ئەمە، دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییانە لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکەی ئەردۆغان دێت، کە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە تورکیا و دەرەوەی خاکی تورکیا. لە لایەکی دیکە ئاك پارتی و مەهەپە (حزبی نەژادپەرستی تورکیا) هاوپەیمانن؛ هاوپەیمانییەکی لەم جۆرەیش ڕێگە بە نزیکبوونەوە و ئاساییکردنی پەیوەندییەکان نادات لەگەڵ کورد و بەتایبەتی "پەکەکە".

**سێیەم:** یەکێك لە شانازییەکانی بەرپرسانی تورکیا بریتییە لەوەی کە ئێستا چەکدارانی "پەکەکە" زیاتر چالاکییەکانیان لە دەرەوەی خاکی تورکیا بەڕێوە دەبەن و ئەنجامی دەدەن. لەم چوارچێوەیەدا یەکێك لە پلانە ستراتیژییەکانی وەزارەتی بەرگری و سوپای تورکیا، کارکردنە بۆ لەناوبردنی چەکدارانی "پەکەکە"؛ ئەگەر ئەمەیش نەکرا، ئەوە لانی کەم دەبێ چەکدارانی "پەکەکە" لە سنوور و خاکی تورکیا دوور بخرێنەوە. هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین تورکیا زنجیرە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە خاکی هەرێمی کوردستان دەست پێ کردووە بە مەبەستی دوورخستنەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە سنوور و خاکی تورکیا. جگە لەمە تورکیا بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەوە نادات قەندیل بە شەنگالەوە ببەسترێتەوە؛ هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات قەندیلی دووەم لە شەنگال دروست نەبێت، سەرەڕای ئەوەی "پەکەکە" و هێزە نزیکەکانی لێی، چەندان هەنگاوی جددییان بڕیوە لە شەنگال.

**چوارەم:** تورکیا لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە"، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی ئەنجام داوە. پێشتر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لەسەر بنەمای "هێرش بەرە و بکشێوە" بوو. واتا تەنیا ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بوو و دوای ئۆپەراسیۆنەکە ڕاستەوخۆ دەکشایەوە و لەو شوێنە جێگیر نەدەبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی زنجیرە ئۆپەراسیۆنەکانی "چرنووك" لە مانگی مایسی ساڵی 2019 کە تا ئێستا درێژەی هەیە، دوای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، لەم شوێنانە ناکشێتەوە کە هێرشی دەکاتە سەر، ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی سەربازییەوە لەوێ جێگیر دەبێت. ئەمە ڕەهەندی سەرەکیی گۆڕانکارییەکەیە.

ڕەهەندێکی دیکەی بریتییە لە شێوازی سزادان؛ واتا هێرشکردنە سەر هەندێك خاڵ و ئامانجی دیاریکراو و دەستکردن بە کوشتنی بەرپرسە گرنگەکانی "پەکەکە" و بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی ڕفاندن و لەناوبردنی چەکدارانی "پەکەکە" و هاوکارانی. بۆیە دەکرێ دوایین جموجۆڵە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە خاکی عێراق لەم چوارچێوەیەدا شرۆڤەی بۆ بکرێت.

### - ئایا تورکیا دەتوانێ لە ڕێگەی ئەم جموجۆڵە سەربازییانەوە کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت؟

پێش ئەوەی ئاك پارتی لە ساڵی 2002 لە ئەنقەرە بگاتە دەسەڵات، ئامانجی ئەوەی هەبووە بەتەواوەتی "پەکەکە" لەناو بەرێت. بەڵام ئەزموون و واقعی سەرگۆڕەپان پێچەوانەی ئەوەن کە ئەنقەرە بتوانێ بەئاسانی کۆتایی بە بوونی "پەکەکە" بهێنێت، چونکە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە

"پەکەکە" تەنیا هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار نییە لە ناوخۆی تورکیا؛ ئۆپۆزیسیۆن پەلیکێشاوەتەوە وڵاتانی دراوسێی تورکیا و جگە لەمەیش، بەتایبەت لە سووریا، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێت. بۆیە لە هاوکێشە هەرێمییەکانیشدا "پەکەکە" بەهۆی ئەو پاڵپشتییە هەرێمی و تا ڕاددەیەکیش نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی، توانیویەتی ببێتە هێزێکی چەکداری نەخوازراوی کاریگەری ناوچەکە.

**بۆیە پێ ناچێت تورکیا بتوانێ بەتەواوەتی کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" وەکوو پێکدادانێکی دوو هێزی نیزامی نییە بەڵکوو "پەکەکە" لە چەند ئاراستە و ڕووەوە هێرشەکانی خۆی ئەنجام دەدات؛ هەم لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاکی عێراق (هەرێمی کوردستان) و هەمیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاکی سووریا؛ جگە لەمەیش ئێستا ڕێژەکەی کەمیش بێت جاروبار هەندێك چالاکی لەناو خاکی تورکیاش ئەنجام دەدات. کۆتاییهێنان بە هێزێکی چەکدار و پاڵپشتیکراو و مەشقپێکراوی وەکوو "پەکەکە" کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە جموجۆڵ و کاری زیاتر هەیە. واتا لە گۆڕەپان زۆر سەختە کۆتایی بە لایەنێك بهێنرێت چیا و خاکی وڵاتانی دراوسێی بەکار بهێنێت.

**دووەم:** هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکە جارێ ڕێگە بەوە نادات "پەکەکە" کۆتایی پێی بێت، چونکە لە لایەك ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی چەکدارانی "پەکەکە" دەکات؛ ئەمەیش نیگەرانییەکی قووڵی بەرپرسانی تورکیای لێ کەوتۆتەوە. لەم چوارچێوەیەدا وەزیری بەرگریی تورکیا "یەشار جووڵەر" لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی لەگەڵ کەناڵی سی ئێن ئێنی تورکی ڕای گەیاند **"لەگەڵ هاوڕێ ئێرانییەکانمان قسە دەکەین و پێیان دەڵێین: "سەیری کەن، ئەوە لەم خاڵەوە چەکدارانی پەکەکە هاتنە نێو خاکی ئێران و ئێمە دەزانین کە هاتوونەتە کام شوێن." شوێنەکەیان بۆ دەستنیشان دەکەین و دەیاندەینێ، چونکە لە ڕێگەی درۆنەوە چاودێرییان دەکەین. هاوڕێ ئێرانییەکانمان وەڵامان دەدەنەوە و دەڵێن: "ئێمە تەماشای ئەو شوێنەمان کرد هیچ کەسی لێ نییە!" ئەمە هەڵوێستێکی جوان نییە. بێ گومان نیگەرانین.**

لە لایەکی دیکە تورکیا نیگەرانە بەهۆی هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا لەم بارەیەوە. "یەشار جووڵەر" لە هەمان چاوپێکەوتندا ڕای گەیاند: **"لە ڕاستیدا لەم بابەتەدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان ڕێك نەکەوتووین. هاوپەیمانانمان پێمان دەڵێن، ئێمە لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش یارمەتی پێشکەشی ئەو چەکدارانە دەکەین کە لە ناوچەکەدا هەن، ئێمەیش پێمان ڕاگەیاندووە ئەو گرووپە چەکدارانەی کە ئێوە ئاماژەی پێی دەکەن، ئەوە خودی پەکەکەیە. ئێمەیش داوای ئەوەمان لە هاوڕێیانمان کرد کە ئەگەر ئێوە پاڵپشتییان دەکەن بەئاشکرا ڕاگەیەنن کە پاڵپشتییان دەکەن، بەڵام کە ئێوە ڕادەگەیەنن و پێمان دەڵێن ئێمە پاڵپشتییان لێ ناکەین، ئەمە گاڵتەکردنە بە عەقڵمان!"** بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی کۆتاییپێنەهێنان بە "پەکەکە" ئەم خاڵە بێت.

**سێیەم:** ڕەنگە ئەم خاڵە هەندێك سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام واقعە و ڕاستییەکی تاڵە کە تورکیا چەندان ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە، خودی ئەو حکوومەت و دەسەڵاتە سیاسی و سەربازی و ئەمنییە لەگەڵ ئەوەدا نەبن بەتەواوەتی کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنرێت؛ چونکە هەم لە ڕووی دابینکردنی بوودجە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەمیش بەکارهێنانی کارتی مەترسیی بوونی "پەکەکە" بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و لایەنە سەربازی و ئەمنییەکانەوە، ئەم بابەتە بۆ

پارێزگاری لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێنراوە.

ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سیاسیی تورکیا بکەین لە کۆتاییی هەشتاکانەوە تا ئێستا، دەبینین هەمیشە فاکتەری بوونی "پەکەکە" لەلایەن سوپا و لایەنە ئەمنییەکان و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانەوە بەکار هاتووە، بۆیە پێ ناچێت تا ئێستا دەسەڵاتێکی سیاسی دەرکەوتبێت و کاری جددیی کردبێت بۆ کۆتاییهێنان بە "پەکەکە". واتا بە وشەیەکی دیکە، بوونی "پەکەکە" هەم لە ڕووی ماددییەوە و هەمیش لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە لەلایەن دامەزراوە و لایەنی سیاسیی جیاوازەوە بەکار هێنراوە.

**چوارەم:** بۆ کۆتاییهێنان بە "پەکەکە" ، ئەنقەرە پێویستی بە هەماهەنگیی ڕاستەقینەی وڵاتانی دراوسێ و لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەیە؛ بۆ نموونە خودی حکوومەتی عێراق گەر بیەوێت گوشار بخاتە سەر "پەکەکە"، ئەوە بەبێ ڕەزامەندیی هەرێمی کوردستان (بە پارتی و یەکێتییەوە) ناتوانێت ئەم کارە بەتەنیا ئەنجام بدات. بە لەبەرچاوگرتنی هاوکێشە سیاسی، سەربازی، ئەمنی و ئابوورییەکانی ناوچەکە، دەتوانین بڵێین ئەنقەرە ناتوانێت بەتەنیا کۆتایی بە "پەکەکە" بهێنێت ئەگەر وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و وڵاتانی ڕۆژاوا یارمەتیی نەدەن. پێشکەشکردنی ئەم یارمەتییەیش بۆ قۆناغی ئێستا زەحمەتە، چونکە تێڕوانینی لایەنەکان بۆ "پەکەکە" جیاوازییەکی زۆری لەبارەوە هەیە.

**ئایا تورکیا لەبارەی جموجۆڵە سەربازییەکانییەوە، لەگەڵ عێراق و ئێران ڕێک کەوتووە و گڵۆپی سەوزی لێیان وەرگرتووە؟**

بەرپرسانی تورکیا بەردەوام لەسەردانەکانیان بۆ تاران و بەغدا جەخت لەسەر بابەتی چەکدارانی "پەکەکە" دەکەنەوە، بەتایبەت لەگەڵ بەغدا. ئەنقەرە زۆر بەڕاشکاوانە داوا لە عێراق دەکات کە ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا بپارێزێت و ڕێگە بە ئەنجامدانی چالاکیی سەربازی بۆ سەر خاکی تورکیا نەدرێت. ئەم داواکارییەی تورکیا بۆتە ستراتیژییەتێکی بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی 28ی مایسی ساڵی 2023، "هاکان فیدان" کرایە وەزیری دەرەوە و "ئیبراهیم کالن"یش کرایە سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا. پاش ئەم هەنگاوە جووڵەیەکی دیپلۆماسیی چڕ لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا و هەولێر دەستی پێی کرد. ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم هاتوچۆ دیپلۆماسییە، بریتی بوو لە پەیوەندییە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرە. دەرەنجامی سەرەتاییی ئەم جموجۆڵە دیپلۆماسییەی ئەنقەرە بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراقی لە 14ی ئازاری ساڵی 2024 بەدەرکەوت، کە بڕیارەکە "پەکەکە" بە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو ناوزەد دەکات.

بێ گومان ئەمە ئامانجی کۆتاییی تورکیا نییە، چونکە ئەنقەرە دەیەوێت عێراق وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی خراپ نەبوو بۆ ئەنقەرە؛ ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی عێراقی بێ گومان بەبێ ئامادەکاری و ڕێککەوتنی پێشوەختەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ئەنقەرە ڕانەگەیەنراوە بەڵکوو پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر ئەنجام دراوە.

بۆ وەڵامی پرسیاری **ئایا تورکیا لەگەڵ عێراق و ئێران ڕێك کەوتووە و گڵۆپی سەوزی لێیان وەرگرتووە؟** دەکرێ لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە:

**یەکەم:** هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ئەم جموجوڵەی تورکیا لەخۆڕا نەهاتووە و تاکلایانە نییە. پێشتر چەندان کۆبوونەوەی لەبارەوە ئەنجام دراوە؛ سەرەتا لە 19ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2023 لە ئەنقەرە لووتکەیەکی ئەمنی ڕێك خرا بە بەشداریی دوو شاندی ئاستبەرزی عێراق و تورکیا، کە وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان، سەرۆکایەتیی شاندی تورکیی دەکرد و وەزیری دەرەوەی عێراق و جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق، فوئاد حوسێن، سەرۆکایەتیی شاندی عێراقیی دەکرد. بەرپرسە باڵا ئەمنی و سەربازییەکانی هەردوو وڵات بەشدارییان لە شاندەکان کرد. لە خاڵی دووەمی ڕاگەیەنراوی هاوبەشی هەردوو شاندەکە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەماهەنگی لە بواری ئەمنی و کێشەی ئاو و گرفتە هەرێمییەکان، گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە هەردوو لا دانوستانیان لەبارەوە کردووە. ئەم کۆبوونەوەیە وەکوو بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و لووتکەی هاوشێوەی دیکە لە نێوان هەردوو لا.

لە 14ی ئازاری ساڵی 2024، شاندێکی ئەمنی و دیپلۆماسی و سەربازیی باڵای تورکیا گەیشتە بەغدا کە پێك هاتبوو لە: وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان و وەزیری بەرگریی تورکیا، یەشار جووڵەر و سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا، ئیبراهیم کالن و، شاندەکەی عێراقیش بە سەرۆکایەتیی وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکوەزیران، فوئاد حوسێن بوو و بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و هەواڵگریی عێراق و نوێنەری هەرێمی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو. گرنگترین هەنگاو لەم لووتکە ئەمنییەی لایەنەکان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی "پەکەکە"، خاڵی پێنجەمی ڕاگەیەنراوی هاوبەشی هەردوو لا بوو کە دوای کۆبوونەوەکان بڵاو کرایەوە. لەم خاڵەدا هەردوو لا گەیشتنە ئەوەی کە "پەکەکە" مەترسییەکی ئەمنیی ئاشکرایە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا و، بوونی "پەکەکە" لەسەر خاکی عێراق پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستووری عێراقە و، هەروەها هەردوو لا ڕاوێژیان کردووە دەربارەی ئەو ڕێکخراو و گرووپانەی، کە لەسەر خاکی عێراقەوە تورکیا دەکەنە ئامانج.

دوای ئەم دوو لووتکە ئەمنییە گرنگە، دوای 12 ساڵ سەرۆککۆماری تورکیا "ئەردۆغان" بە سەردانێکی فەرمی لەگەڵ شاندێکی فراوان- کە پێك هاتبوون لە بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و بازرگانی- لە 22ی نیسانی ساڵی 2024 گەیشتە بەغدا. لەم سەردانەیش بە هەمان شێوە بابەتە سەرەکییەکەی ئەنقەرە لایەنی ئەمنی و بوونی چەکدارانی "پەکەکە" بوو لەسەر خاکی عێراق. ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژیی نێوان عێراق و تورکیا، گرنگترین ئەو بوارانە بوو کە هەردوو لا لەسەری ڕێك کەوتن.

لە ئەنجامی ئەم جموجوڵ و هەوڵە دیپلۆماسییانە دەتوانین بڵێین کە تا ڕاددەیەکی باش ژێرخانی هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی "پەکەکە" لە خاکی عێراق، دروست بووە.

**دووەم:** ئێران سەرەڕای ئەوەی نایەوێت بە هیچ شێوەیەك سوپای تورکیا لە خاکی عێراق جێگیر بێت و بەردەوام دژایەتیی ئەم خاڵەی کردووە، بەڵام پێ دەچێت تاران بەهۆی هەندێك دەسکەوت و بەرژەوەندی لە سووریا و قەفقاز، بەم هەنگاوەی تورکیا ڕازی بووبێت. جگە لەمە هەوڵێکی جددی هەیە لە نێوان ڕووسیا، تورکیا، ئێران و سووریا بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو پێك بهێنن و گرژییەکانی نێوان تورکیا و سووریا نەهێڵن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا وەزیرانی بەرگری و بەرپرسانی دەزگەکانی هەواڵگریی هەر چوار وڵات لە مۆسکۆ

لە ڕێکەوتی 25ی نیسانی ساڵی 2023 کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵییان ئەنجام دا و، گرنگترین تەوەرەکانی کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکە بریتی بوو لە ئاساییکردنەوەی ئاسایشی سووریا، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا-سووریا، بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سووریا و زەمینەخۆشکردن بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوورییەکان بۆ خاکی خۆیان. پاش ئەم کۆبوونەوە چوارقۆڵییە، کۆبوونەوەیەکی دیکەی چوارقۆڵی لە مۆسکۆ بە بەشداریی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیا و ڕووسیا و سووریا لە ڕێکەوتی 10ی مایسی ساڵی 2023 ئەنجام درا و ئامانجی کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکەی مانگی مایس بریتی بوو لە هەنگاونان بەرەو قۆناغی دووەم لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و کارکردن بە شێوەیەکی کردەیی لەسەر زەمینی واقعدا. ئەم کۆبوونەوە چوارقۆڵییانە لەژێر چاودێریی ڕووسیا بەڕێوە چوو.

ئەردۆغان لە ڕێکەوتی 7ی تەمموزی 2024 لە دوایین لێدوانیدا ڕای گەیاند کە پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی "مەسعوود پزیشکیان" وەکوو سەرۆککۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەڕەچەڵەک ئازەرییە، بەرەو باشی دەڕوات؛ هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە ناوچەکە تورکیا تاکە وڵاتە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران لە باشترین ئاستیەتی. سەرجەم ئەم هەنگاو و لێدوان و کۆبوونەوانە ئەوەمان پێی دەڵێ کە نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان تورکیا و ئێران، بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی بنەڕەتییش نەبێت، بۆ قۆناغی ئێستا لەوانەیە ئێران دەربارەی هێرش و جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق هەندێك نەرمی بنوێنێت، چونکە لە هەمان لێدوانەکەیدا ئەردۆغان وتی "چاوەڕێ بن لە هەر کات و ساتێکدا لەگەڵ پووتین بانگهێشتی بەشار ئەسەد بکەین بۆ تورکیا." دەکرێ ئەمەیش ببێتە هۆکارێکی دیکە کە وا لە ئێران بکات لە بابەتی جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر تورکیا نەرمی بنوێنێت.

**لێکەوتە و مەترسییەکانی ئەم جموجۆڵە سەربازییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

بوونی هێز وسوپای وڵاتێکی بێگانە لە هەر وڵاتێکدا مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەمە پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەروەریی وڵاتەکە؛ هەروەها مانەوەی ئەم هێزانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەوانەیە کێشە و گرفتی زۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت. دەکرێ مەترسی و لێکەوتەکانی بوونی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم چەند خاڵەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** سەرەتا بوونی ئەم هێزە کاریگەرییەکی نەرێنیی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان. بەڕاستی ئەگەر کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەبەرچاو بگرین کە لە ئەنجامیدا "دووئیدارەیی"یەکی دیفاکتۆ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئارا، هەرێمی کوردستانی زۆر لاواز کردووە؛ تەنانەت مەترسییەکی گەورەیشی بۆ سەر قەوارە دەستوورییەکەی دروست کردووە. جگە لەمە جێگیرکردنی سوپای تورکیاش بێتە سەر بە قووڵاییی 30 تا 40 کیلۆمەتر لە خاکی هەرێمی کوردستان، ئەوە هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی لاواز دەکات و کێشە و گرفتی ئەمنیی زیاتری بۆ دەخوڵقێنێت. ئەمە دەتوانین بڵێین مەترسیدارترین لێکەوتەی بوونی هێزی سەربازیی تورکییە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** بوونی هێزی سەربازیی تورکی لە عێراق لە ڕووی یاساییەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێك نەخراوە، بۆیە لە حاڵەتی بوونی هەر کێشەیەك لەگەڵ ئەم هێزە سەربازییانە، چوارچێوەیەکی یاسایی نییە مامەڵەی لەگەڵدا

بکرێت؛ چونکە کردنەوەی بنکەی سەربازیی بیانی لە هەر وڵاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی لایەنەکان بڕیاری لەبارەوە دەدرێت و کار و ئەرك و ماوەی مانەوەی هێزەکان و یاسا بەرکارەکان دەرهەقیان، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی کردنەوەی بنکەکان ڕێك دەخرێن. ئەمەی تورکیا دوورە لەمە و، هیچ چوارچێوە و بنەمایەکی یاسایی نییە.

**سێیەم:** لەوانەیە ئێستا پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە لە ئاستێکی باشدا بێت؛ بەڵام ئایا گەرەنتیی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکان بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟ ئەگەر پەیوەندییەکانی تێك بچێت ئەوکات هەڵوێستی هەولێر بەرامبەر ئەم هێزانە چۆن دەبێت؟ بێ گومان ئەمانە پرسیاری گرنگن کە دەبێت لە ئێستاوە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی گونجاو و لۆژیکی بۆیان؛ بەپێچەوانە داهاتوو لەم بارەیەوە هیچ ئومێدبەخش نابێت.

**چوارەم:** لەسەر ئاستی نیشتمانی، بوونی هەر هێزێکی بیانی لەسەر خاکی وڵاتەکەدا، نیگەرانی و بێزاریی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە؛ هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەمە. لەگەڵ هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی سوپای تورکیا، نیگەرانی و بیزارییەکی جددی لەنێو خەڵکدا سەر هەڵدەدا و ئەم پرسیارە دروست دەبێ کە: "ئایا بۆچی ئێمە باج و لێکەوتەی ئەو شەڕە بدەین کە تەرەف نین تێیدا؟"

**پێنجەم:** ئەو ناوچانەی کە شەڕ و پێکدادانی تێدا ڕوو دەدات، دانیشتووانی سیڤیلی لێیە و بەم هۆیەوە زیاتر لە 600 گوند لە ناوچە سنوورییەکاندا چۆڵ کراون و ناتوانرێ ئاوەدان بکرێنەوە. ئەمەیش زیانێکی ئابووری، جیۆسیاسی، کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵیی زۆری هەیە بۆ ناوچەکە؛ جگە لە زیانی گیانی کە بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان و هێرشە ئاسمانییەکانەوە، چەندان هاووڵاتی گیانیان لەدەست داوە.

**کۆبەند**

جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا لە خاکی عێراق، چالاکییەکی نوێی سوپای تورکیا نییە، بەڵکوو ئەوەی ئێستا ڕووی داوە گۆڕانکارییە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی "پەکەکە". جاران تەنیا هێرش دەکرا و دواتر هێزەکان بەبێ ئەوەی جێگیر بکرێن دەکشانەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا تەنیا بە هێرش و ئۆپەراسیۆنی سەربازی کۆتایی پێ نایە بەڵکوو هێزەکان لە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن جێگیر دەکرێن. دیارە ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژییەی سوپای تورکیا تا ڕاددەیەکی بەرچاو گوشاری خستۆتە سەر چەکدارانی "پەکەکە"، بۆیە دەبینین "پەکەکە" لەم دواییەدا پەنای بردۆتە بەر سووتاندنی بازاڕ و گوند و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە گوشارێکی بێوێنە هەیە لەسەر چەکدارانی "پەکەکە" و بارودۆخیان وەکوو جاران نەماوە و ناتوانن ئازادانە جموجۆڵ بکەن.

لە لایەکی دیکەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ڕێککەوتنێکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ کرابێت لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراق بە ڕەزامەندیی ئەمریکا بۆ جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی تورکیا. بێ گومان ئەم تابلۆیە سەرەڕای ئەوەی تیایدا "پەکەکە" لاواز دەبێت بەڵام بەشێکی گرنگ و ستراتیژیی خاکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسیی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن سوپای تورکیاوە. کشانەوەی ئەم سوپایەیش لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە ئاوا بەئاسانی نابێت؛ بۆیە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوو ناوچەکە زیاتر جموجوڵی سەربازی بەخۆیەوە ببینێت  و، دواجار هەرێمی کوردستان باج و زیانی شەڕ و پێکدادانێك دەدات کە خۆی تیایدا تەرەف نییە و  ململانێیەکە لەسەر خاکەکەی ئەنجام دەدرێت.